# توانی فەلسەفەی ئاین لە پەندی کوردیدا، پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ بە نموونە

## لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی کۆمەڵایەتییە

پ.ی.د.ئاسۆ عبدالرحمن کریم

زانکۆی سەڵاحەددین/ کۆلیژی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی

aso.baban@su.edu.krd

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥ بەرواری بلاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩

**پوختە:**

زانستی زمان زانستێکە پەیوەندی چڕی بە هەموو زانستەکانی ترەوە هەیە، لە زمانەوانی نوێدا زمانەوانی کارەکی بە تایبەت زمانەوانی کۆمەڵایەتی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کۆمەڵەوە، کۆمەڵیش سامانی نەتەوەی لە کلتوری و ڕۆشنبیری و فۆلکلۆری ولایەنی ئەدەبی و ئەدەبی زارەکەی لە سینەگرتووە، یەکێك لە لایەنەکانی فولکلۆر بریتییە لە پەندی پێشینان، کە بەرهەمی زارەکییە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە سەرناوی (توانی فەلسەفەی ئاین لە پەندی کوردیدا، پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ بە نموونە) لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی (کۆزمانەوانی)یەوە بەپێی پێوستی لێکۆڵینەوەکە واتای پەندەکان و توانی فەلسەفەی ئاین لە پەندی کوردیدا بە داتاو بە ئامار لە پەندەکانی شێخ محمدی خاڵدا شیکراوەتەوە. لێکۆڵینەوەکە لە دووبەشی سەرەکی پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا، کەبەشی تیۆرییە، بۆ پاری یەکەم،ئاین و فەلسەفەی ئاین و توانی بەسەر زماندا خراوەتەڕوو. لە پاری دووەمدا، پێناسەی پەند و تایبەتی و کاریگەرییەکانی بە نموونەی پێویست خراوەتەڕوو. بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە ڕاساندنی کارەکیانەی توانی فەلسەفەی ئاینی، ئاینی ئیسلام لە لەسەر پەندەکانی شێخ محمدی خاڵە لەڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتیی و واتاییەوە شیکراوەتەوە و ئاماری ئەو کاریگەرییە لە سەر پەندەکانی شێخ محمدی خال لە کتێبی (پەندی پێشینان) لە ئەنجامدا خراوەتەڕوو.

کلیلی وشەکان : زمانەوانی کۆمەڵایەتی(کۆزمانەوانی)، توانی فەلسەفەی ئاین ، پەند، واتای پەند، کلتور .

پێشەکی :

پلانی بەش و پار و وەچەپارەکانی لێکۆڵینەوەکە بەم شێوەیە دابەشکراوە:

1/0) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە بۆ (توانی فەلسەفەی ئاین لە پەندی کوردیدا پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ بە نموونە) لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی (کۆزمانەوانی) و واتا تەرخانکراوە،

توانی فەلسەفەی ئاین لە پەندی کوردیدا لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییە بە پێی تیۆری پەسنی شیکاری، شیکارییەکەی کرۆکی سەرناوی لێکۆڵینەوەکەیە.

2/0) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: بریتییە لە تیۆری پەسنی شیکاری و کارەکی ، شیکاریش بۆ ئەو مەبەستە بەکارهاتووە و دواتر لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە، توانی فەلسەفەی ئاین و زمانیی ئاینی بەسەر پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ بە نموونە شیکراوەتەوە.

3/0) / داتا و سنوری لێکۆڵینەوەکە: بۆ داتای لێکۆڵینەوەکە جگە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر کە ڕێنمای فەلسەفەی ئاینی ئیسلامن، ئەوا پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ بەتایبەتی لە چێوەی لێکۆڵینەوە وەرگیراوە.

4/0) گرنگی و امانجی لێکۆڵینەوەکە: گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە، بە شێوەیەکی کارەکیانە لە توانی کاریگەری فەلسەفەی ئاین بەسەر پەندەکانی زمانی کوردییەوە بە تایبەت پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ دەخاتەڕوو،کە پێکهاتەی کلتور و ڕۆشنبیری کوردی لە بەرگی پەندا ئاوێتەی کات و شوێنەواری ئەم توانی فەلسەفەی ئاینە لە کلتورێکی تردا خۆی دەنوێنێت، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاوڕێك لە واتای ئەم توانە دەداتەوە و شیدەکاتەوە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکەش بە دوای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوەیە:

-ئایا توانی فەلسەفەی ئاین (ئیسلام) لەسەر کلتور و ڕۆشنبیری کوردی چییە؟

- ئایا پەندی کوردی بەگشتی لە ڕووی زمانییەوە، کە هەڵگری وشە و زاراوە و بیر و ئاوەزی پشتاوپشتی نەتەوەکەیە، واتە بە میراتیی بۆی ماوەتەوە، چ توانێکی ئاینی ئیسلام کاریگەری لەسەر لایەنی کۆزمانەوانی هەبووە.

- ئایا پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ ، لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە بەگشتی و لەڕووی واتاوە بەتایبەتی چ ڕەنگێکی فەلسەفەی ئاینی ئیسلامی بەخۆە گرتووە؟ بەو واتایەیی توانی ئاین لە چ لایەنێکی کۆمەڵی کوردی لە پەندا ڕەنگڕێژکردووە؟

5/0)ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرییە و بەپێی پێوستی پارەکانی کارەکیانەش بەکارهێنراوە، لە دوو پار پێکهاتووە لەسەرناوی (توانی فەلسەفەی ئاین)، پاری یەکەم: چەمك و پێناسەی ئاین و فەلسەفەی ئاین دەخاتەڕوو پاری دووەم: ، چەمك و پێناسەی پەند و گرنگی و بنەماکانی پەند دەخاتەڕوو، لە پەندی کوردیدا پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ . بەشی دووەم ڕاساندنی کارەکیانەی توانی فەلسەفەی ئاینی ئیسلامە لە لەسەر پەندەکانی شێخ محمدی خاڵە لەڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتیی و واتاییەوە .

0/1) چەمك و تێڕوانین بۆ ئاین:

پێناسەی ئاین، بەدید و بۆچوونی کەسی و فەلسەفی ئاینییەوە پێناسەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی بنچینەی باوەڕی ئایینی پرسیارێکی کراوەیە و پڕێتی لە تێڕامانی فەلسەفی و زمانیی، بە شێوەیەکی ئەو پێناسانە و تێڕوانینانەی پەیوەستن بەسەر ناوی لێکۆڵینەوەکە دەیانخەینەڕوو:

ئاین کۆمەڵێک سیستەمی کۆمەڵایەتی-کەلتوورییە، لەوانە هەڵسوکەوت و کرداری دیاریکراو، ڕەوشت، بیروباوەڕ، جیهانبینی، دەق، شوێنە پیرۆزەکان، پێشبینیەکان دەگرێتەخۆ.(48: 1996) .Van der Vyer, J.D )

واتە ئاین پێڕەوی کلتوری و ڕۆشنبیری تاك لە جیهانبینی پەیوەست بە ئاینی دیاریکراوەیە.

(ئاین مێژوو و گێڕانەوە و ئەفسانەی هەیە کە لە دابونەریتی زارەکی و دەقی پیرۆز و سیمبول و شوێنە پیرۆزەکاندا پارێزراون کە لەوانەیە هەوڵ بدەن بنچینەی ژیان و گەردوون و دیاردەکانی تر ڕوونبکەنەوە.) ,Yazbeck Haddad Yvonne (2014 :76)

ئاین بریتییە لە هۆشیاری بە بەها کۆمەڵایەتیە باڵاکان، یان پارێزگاری کردنە لەسەرجەم بەهاکان Ganeo.B(2022 . :29)

(پێناسەی ئەکادیمی یان زانستی بۆ ئاین ئەوەیە ، کە زانایانی کۆمەڵایەتی و ئەنترۆبۆلۆژیا ئاین دەبینن بە کۆمەڵێک بیروباوەڕ و بەهاو شارەزاییە کە لە ناو جەرگەی ڕۆشنبیرییەوە هاتوون بۆ نموونە :- بناغەی ناوەڕۆکی ئاین ئاماژە ناکات بە باوەر بوون بە خودا، ناوەڕۆکەکەی ئەناسرێت بەوەی پێکهاتە، یان ڕۆشنبیرییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ژیان بە شێوەیەکی گشتی . بە پێی ئەم پێناسەیە ئاین دیدگایەکە کە دەستی لێبەرنادرێت لە جیهاندا و کۆنتڕۆڵی بیرۆکەی تاک و کاروبار دەکات. ) Neco(2023 :87)

خوێندنی ئایین چەندین بواری ئەکادیمی لەخۆ دەگرێت، لەوانە ئاینزانی، فەلسەفەی ئایین، ئایینی بەراوردکاری، و توێژینەوەی زانستی کۆمەڵایەتی. تیۆرییەکانی ئایین ڕوونکردنەوەی جۆراوجۆر بۆ بنچینە و کارەکانی پێشکەشدەکەن، لەوانە بنەما ئۆنتۆلۆجیەکانی بوون و باوەڕی ئایینی. ,Lina.M(2020 :104)

کەواتە بەم تێڕوانینانە دەتوانین بڵێین ئاین فەلسەفەی ڕۆشنبیری و کلتوری تایبەت بە زمانیی خۆی دەگەینەنێت، پێڕەوانی ئاین و ئاینی ئیسلامیش ئەم چەمکە زانستی و بیریانە لە ڕەوشت و ئاکار و ئاخاوتنیان پێڕەودەکەن، لە ئەنجامدا توانی ئاینی بەسەر زار و زمان و کلتوری تاکەوە دەبێتە مۆر و جێگای خۆی لەسەر زمان و ئەدەب بە گشتی و فۆلکلۆر بەتایبەتی و لەناوبەشەکانی فۆلکلۆر بە تایبەتی پەند جێدەهێڵێت.

sjh@univsul.edu.iq

1/1) توانی فەلسەفەی ئاینی ئسیلامی لە سەر زمانی کوردی:

نەتەوەی کورد یەکێکە لە نەتەوە هەرە کۆنەکان، لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە سەر بەخێزانە زمانی هیندی و ئارییە. بەپێی سەردەم بیروباوەڕی ئاینی جۆرا و جۆری پەیرەو کردووە، وەکو( ئاینی زەردەشتی و جوولەکە و گاورە (مسیحی). (ادواد براون، 1335: 298)، بەڵام لە دوای ئەم ئاینانەدا، کورد (لە سەدەی حەڤدەی زاینی بەئاینی ئیسلام ئاشنا بووە، عومەری کوری خەتاب داوای کردووە، مامەڵەی( ئەهلی کیتاب) لەگەڵ کوردە زەردەشتیەکان بکرێ، چونکە لەو سەردەمە لە ژێر دەسەڵاتی ساسانیەکاندا بوون.) (سەلام ناو خۆش، 2007،:48)، بۆیە بروا وایە کورد ئاینی ئیسلامی(بە ئارەزووی خۆی وەرگرتبێت و بەزەبری شمشێر نەبووبێت)( ابراهیم احمد حسین(1996:91). ئیتر لێرەوە زمان و کلتوری ئیسلامی شاڵاوێکی فراوانی هێناوەتە سەر زمانی کوردی و هەموو ئاستەکانی زمانی گرتوتەوە. ئەم کلتورە گشت گۆشە نیگایەکی زمانی کوردی ڕەنگکێش کردووە، وەکو بۆنەی ئاینی و ژن گواستنەوە، ماتەم، و کرین و فرۆشتن و ..تاد، تەنانەت زمانی کلتوری ئیسلامی کاری کردووەتە سەر ناوی شوێنە مێژووی و جوگرافی و سروشتییەکانیش، وەکو چیایی جودی، کانی بەرەکەت، دۆڵی ئەسحابان، دۆڵی مەلەکان، گوندی نەبیاوە، گوندی شێخان و گوندی ئیڵەڵا...تاد، ئەم شاڵاوە ناوی مرۆڤی کوردشی گرتووەتەوە, وەکو ئەو ناوانەی لە ناوەکانی خوای گەورە و ناوی پێغەمبەران و یاران(ئەسحاب)ە و زانا و ناودارانی ئیسلامی وەرگیراون، بە جۆرێک کاری کردوووتە سەر کلتوری کوردی، تەناتەت بەشێک لە شاعیران و رۆشنبیران و زانایانی کورد ئەگەر ناوی ڕاستەقینەی خۆشیان نەبێت، ئەوا ناسناویان بۆ خۆیان داناوە. هەندێ نموونەی ناوی پێ ناسراوی شاعیران: وەکو ( باباتاهیری هەمەدانی، سالم، شیخ رەزا، شێخ نوری، مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، ئەحمد موختار جاف، حەمدی، مەحوی، حەریق، صافي هيراني....تاد)، هەروەها ناوی بەشێکی زۆری نووسەرانی کورد، ناوەکانییان گوزارشت لە واتای ناوێکی ئیسلامی دەکات وەکو( شێخ محمەدی خاڵ، شێخ حوسێنی قازی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، مەلا مەحمودی بایەزیدی، توفیق وەهبی،عزەدیین مستەفا، مەسعوود محەمەد، شوکریە رەسوڵ ...تاد)، تۆخی و سەرگەرمی پەیامی ئەم کلتورە وای لە ئەحمدی خانی کردووە،د ەست پێکی مەم و زین، بەناوی (الله)دەستپێبکات: (( سەر نامەیێ نامە نامێ الله ،بێ نامێ وی ناتەمامە والله)) ئەحمەدی خانی،( 2008 :22 )، ئەم دێرە هۆنراوەیە، ڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ کاریگەری ئەم فەرموودەیە: ((كل أمر ذی بال لا يبدأ فيه ببسم الله فهو أبتر)). بە کردنەوەی بوخچەی کلتوری کوردی بۆ کلتوری ئیسلامی، چەمك و زارەوی نوێ بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی ئاین و گۆڕانە کلتوریەکە پەیدابوو، کە واتاو زاراوەی زمانی ئاینی دەگەیەنن لە نێو زمانی کوردیدا. ئەم وشە و زاراوانە بە ڕێگای جیا هاتوتنە ناو زمانی کوردی ، دەشێ بەم ڕێگایانەبێت:

(1-ئەو وشەو زاراوانەی وەکو خۆی بەکاردێت، یان هەندێکجار خراوەتتە سەر فۆنەتیکی زمانی کوردی، وەکو: الزكاه = زەکات ، الحج = حەج ، العمره = عەمرە ، الجنه = جەنەت..زتاد.

2- هەندێك وشە و زاراوە، وەرگێردراوەنەتە سەر زمانی کوردی بۆ هەمان واتا بەکاردێت، وەکو:(رضی الله عنه = خوا لێی رازیبێت. ، صلی الله علیه وسلم = درودی خوای لەسەربێت.)( سروە خدر حمد ، (2014 : 8)

ئەم کاریگەرییە زمانییە ڕەنگدانەوی بەرچاوی لەسەر زمانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی هەیە، بەتایبەی پەند، چونکە لە پەند و ئامۆژگاری سەرچاوەی گرتووە و بەرهەمێکی سەر زارەکییە، بە ئاسانی بە نێو کایەکانی ژیان گوزەردەکات، وشە و زاراوەی ئیسلامیش دەخزێنە ناو ئەم فەرهەنگە گشتییەوە. وەکو(عێل، باوانی عێلە), یان(عوزر، لە قەباحەت خەراپترە) عیسا بە دینی خۆی مووسایی بە دینی خۆی(207)..یاخود وەکو (نا علاجی حەرام حەڵال ئەکا)، یان (نازت بەقەد جیازت),( شێخ محمدی خاڵ،398 ).

0/2)چەمك و پێناسەی پەند :

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لە دەربڕینی زمانیدا بە هەموو بەشەکانییەوە دەوڵەمەندە، لە نێویشیاندا (پەند)، بۆیە ناساند و دەستنیشانکردنی پەند لە سنوورێکی دیاریکراودا ئەستەمە، چونکە بە پێی سەردەم و قۆناغەکانی ژیان و جۆری هەڵکەوتەی نەتەوەکان گۆڕانی بەسەردادێت. پەند سامانی گشتی نەتەوەیە، هەرنەوەیەك خەرمانێکی گەورەی لە کۆکراوەی پەندی هەیە، بۆیە نووسەران و رۆشنبیران پیاوانی ئاینی و جووتیاران و تەواوی هەموو چین و رەگەزەکانی کۆمەڵ بە

مشتێك ئەم خەرمانەیان پێکهێناوە، لەبەر ئەوە دیدوبۆچوونی جیاواز لە خۆ دەگرێت، بۆ ئەم مەبەستە چەند بۆچوونێك دەخەینەڕوو:

شێخ محمدی خاڵ پەند بە وە دەناسێنێت، کە فلسەفەی ژیانە وەبەری رەنجی تاقیکردنەوەی گەلەکەمانە، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت سوودیلێوەربگیرێت دەڵێت پەند : ( فەلسەفەی ژیان و دەنگی تاقیکردنەوەی جیهان و بەری ڕەوان بێژی(بلاغە) رەوان بێژان(بلیغان)،کە باوباپیران لە هەزاران ساڵەوە، بە کەلەپورێکی وێژەی، بۆیان بەجێهێشتووین، تا بیانکەین بە ئاوێنەی باڵانما بۆ خۆمان)(1 شێخ محمدی خاڵ(1971 :8)). د.عیزەدین مستەفا رەسول پەند دەباتەوە سەر گەلانی سەرەتای ، کە وێنایەکی راستەقینەی ژیانی ئەو گەلانەیە لە ئاکار و رەوشتیان رەنگی داوەتە. (ئەم پەندانە بریتین لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵك، ئەم پەندانە هەمیشە لەلای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینە و لەکاری ڕەوشت و خووەوە، هەموو ڕاستییەك، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزادە، هەموو کردارێکی چاك یا خراپ، هەموو گەیشتنە ئەنجامێك کە میللەت گەیشتبێتێ، دەربارەی هەرچیەك بێت ئەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە)( د.عیزەدین مستەفا رەسول، (1979،103). پەند لای عەلائەددین سەجادی گوزارشتکرنە لە واتایەکی بەرز، بەوشەیەکی کورت. ( عیبارەتن لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی پێکەوە نوسێنراون مەعنایەکی بەرزیان تێدایە لە زەمانێکی زۆر کۆنەوە کەوتوونەتە سەر زمانی کوردی)( عەئەلائەددین سەجادی(1971: 126). بەڵام هۆشیار نوری لەك تێڕوانینی بۆ پەند تێڕوانینێکی ئیستاتیکیانەیە. (یەکێکە لە ژانرە گرنگەکانی ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی، شاکارێکی زۆر جوان و بە سودە دەربڕی هەستێکی پاکی باب و باپیرانە لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی ڕاستەقینەیی نادیارە، کە کێ و کەی سەری هەڵداوە)( هۆشیار نوری لەك،(2010: 87).

جەمال بابان لەمەر پەندەوە دەڵێت: (ئەو وتراوە کورتە جێماوەیە کە لە بیر و باوەڕی گەلەوە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەو بەراوردا هەڵقوڵاوە)( جەمال بابان(1970: 63). جونکە بە بۆچوونی جەمال بابان پەند دەبێت لە تەرازووی بەراووردی و تاقیکرتەوەی ژیانەوە وەبەر هاتبێت.

ڕوانینی شوکریە ڕەسول بۆ پەند، پەند دەکاتە پاڵپشت و ڕاگرێکی بەهێز بۆ شیکردنەوەی وتەیەك لە چوارچێوەی بابەتێکدا. ( پەند لە کوردیدا بەو وشە و مانایە دەوترێ کە هەمیشە بۆ پتەوکردنی قسە، یا بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێك، یان وەك دەرخستنی بابەتێکی میللی دەهێنرێتە ناوەوە و مەرجە خاوەنی دیارنەبێ،ئەگینا دەبێ بە فەرموودە).شوکریە رسوڵ(1984 :5).

پەند ڕێگایەکی ئاسانن بۆ دەربڕینی ڕاستییەکی ناسراو، کە لەسەر بنەمای هەستی باو یان ئەزموون دامەزراوە. ئەوان بەزۆری بە دانایی باوباپیران دادەنرێن کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە تا دەبنە بەشێک لە نەریتی زارەکی کۆمەڵ..((Wolfgang Mieder. (1993: 31 )

بەشێوەیەکی گشتی پەند شێوازێکی گەیاندنی بەرزە، گوزارشت لە هەموو بیر و هەستەکانی دەروون دەکات بۆیە سامی دەڵێت: ( قالبێکە واتا دەردەبرێت بە شێوەیەکی هەستی گۆکردن، لە گوێ جێگردەبێت، بە لێکچوونێکی گونجاو و هەست دەربراوە)( سامی عطا حسن19 : 2011)). هەروەها ئیبن قەیم پەند دەبەستێتەوە بە لایەنی واتا ، کە مەبەستەکەی گوزارشت لە ئامۆژگاری دەکات: ( لێکچوونی شتێکە بە شتێك لە ڕووی زیرییەوە بۆ نزیککردنەوەی شتێکی پەسەند بۆ هەست پێکراو، یان هەر دووکیان هەست پێکراون بۆ شتێکی تر، مەبەستەکەشی ئامۆژگاریکردنە، یان ڕوونکردنەوەیە، یان وێناکردنە)( ابن قیم الجوزیە(-:13). شێخ مەناع پەند دەبەستێتەوە بە کاریگەری واتا لەسەر دەروون: (پەند دەرخستنی واتایە لە وێنەیەکی پوخت و کورت، کە کاریگەری لە سەر دەروون هەیە.)( شیخ مناع القطان.(- : 283) ). لە الموسعە العالمیەدا پەند پردی بەیەك بەستنەوەی ژیان و گوزەرانی ئەمڕۆیە بە ڕابردوو: ( پەند وتەیەکی ڕاست و دروستە، لێکچوونێکی باروودۆخی ئێستایە بە ڕابردوو) الموسعە العالمیە،(- : 122).

لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا هاتووە،(( پەند برییە لە ڕستەیەك یان دەستەواژەیەکی باوە کە ئامۆژگارییەك لە خۆدەگرێت، یان وتەیەکی دروست و دوور لە گومانە بەگشتی).)( ئازاد هەمەوەندی، ( 2013:72) .

sjh@univsul.edu.iq

بەم تێگەیشتنانە کۆی ئەو پێناسانەی سەرەوە ،پەند بە گشتی لەم چوارچێوەیە لە وێنادا دەگرن بە : کورت بڕی و واتا فراوان، و گەڕاندنەوەی پەند بۆ ڕابردوو، دیارنەبوونی خاوەنەکەی.

کەواتە دەتوانین بڵێین: پەند گوزارشت لە سەرگوزشتە و ڕووداوێك دەکات، کە لە قۆناغێکی مێژوویدا ڕوویدابێت، تەواوی ئەو سەرگوزشتە و ڕووداوە لە بۆتەیەکی کورت و پڕ واتادا دەخاتەڕوو. سەرەی پەند، کە خاوەنەکەیەتی دیارنییە، بۆیە هەمیشە لە هەڵکشان و داکشاندایە، واتە بە سەرزارەوەیە و لێی کەم دەکرێت و زیاد دەکرێت.

1/2) گرنگی پەند: پەند دەورێکی گرنگ و باڵا لە ژیانی مرۆڤایەتی دەبینێت. پەند بە بیری مرۆڤدا دێت و لە کێشە و ڕووداوی کۆمەڵ دەدوێت.( هەردەوێڵ کاکەیی (2006: 10). هەمیشە ڕووناکرەوەی تارمایی ژیانە و ڕاستەوخۆ دەچێتە نێو هەموو کایەیەکی کۆمەڵەوە، دەبێتە هەوێنی بەستنتی باروودۆخێکی شل و شلۆق، سوك و ڕەوانە بەسەر زارەوە، بەتایبەتی ( لای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینەن). عیزەدین مستەفا رەسول (1979: 103).) . پەند بە لۆژیکی نەپچڕاوەی ژیانەوە بەستراوە، سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤە، جا لە هەر سەردەمێکبێت، وەلای هەموو گەلێك بەدیدەکرێت ،چونکە ( بە هەموو زبانێك وتراوە.)( شێخ محمدی خاڵ( 1971، 8.).

پەند بەگشتی گرنگی خۆی لە ڕوانگەی بابەتی زمانەوانی بە تایبەتی لە ئاستی واتادا هەیە. گرنگی پەند دەگەڕێتەوە بۆ واتاکەی. عبدالقاهر الجرجانی(1988: 20 )، چونکە هەندێك پەند لای نەتەوە جیاوازەکان بەدیدەکرێت لەڕووی واتاوە لەیەك نزیکن و ڕەنگدانەوە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، جا بەهەر هۆکارێکبێت، وەکو لە پەندی کوردیدا دەوترێت ( گیا لەسەر پنجی خۆی شین دەبێت)( شێخ محمدی خاڵ( 1979، 341.). هەمان واتای پەند لە زمانی فارسیدا هەیە،( بازی با باز)( بهمن دهقان. ( 1383، ص806). هاوشێوەی واتای ئەو پەندە لە زمانی عەرەبیدا بەدیدەکرێت دەوترێت: ( إن الطیور علی أشکالها تقع). لەهەمان کاتدا لە ڕووی واتاوە لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم پەندە (Birds of a feather flock) together)( عبدالله بن عبدالکریم بن احمد السالم (- : 207). واتای پەندەکانی تر دەنوێنێت. لەلایەکی ترەوە گرنگی و سوودی پەند بەندە بە واتا بەهێز و گەورەکەی، واتای وتەیەکی دوورو و درێژ دەردەخات. بەدربڕینێکی جوان ئاستی قسەکردن بەرزدەکاتەوە، وادەکات خەڵك تێبیگەن. ( أحمد جاسر عبدالله العبدالله(2011: 17 ) بە شێوەیەکی کورتبڕی بێ ئەوەی واتاکە بشێوێت. (أبوالقاسم محمود بن عمر الزمخشری ،(1987: 2). بەجۆرێك گۆدەکرێت(بە ئاواز و ریتیمێکی پڕ جۆش و خڕۆش، بە گوزارشتێکی ساکار) کاروان عوسمان علی (-: 7 ). بۆیە پەند لەسینەدا هەڵدەگیرێت و واتای لە هزردا شیدەکرێتەوە. پەند گرنگی کۆتایی نایەت، ئەم پەندانە زادەی بەرهەمی ڕووداوەکانی کۆن و نوێن. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ،(2001: 50 ).

3/2) تایبەتییەکانی پەند:

پەند بە بۆچوونی زانایانی فۆلکلۆر چەند تایبەتییەکی هەیە، بە پێی لێکدانەوەکان، تایبەتی جیاوازیان دەستنیشانکردووە، چونکە پەند ژانەرێکی گەورەی فۆلکلۆرە، زۆر بواری زمانەوانی و ئەدەبی لە خۆدەگرێت. بە گشتی زیاتر لە تایبەتییەکی هەیە، وەکو:

ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ هەمان بۆ چوونی ئەلەکزەندەر گرابی هەیە ودوو تایبەتی خستووەتەڕوو:

1-شێوەی فێرکردنی پەند و ئامۆژگاری.

2-کورتبڕی وخەست و قووڵی لە داڕشتندا ))( عبداللە بن عبدالکریم بن احمد السالم،(-: 255) .

بەلای عومەر شێخەڵا دەشتەکی ئەم تایبەتییانەی هەیە:

1- پەند بەرهەم و دروستکراوی مرۆڤە، کە سەرچاوەکەی لە بیرەوە هەڵدەقوڵێت.

2-- خەڵك لە ژینگەوە فێری دەبن و بەدەستی دەهێنن نەك لە غەریزەوە.

3- پەند ڕێگایەکە بۆ گەیاندن و دەربرین لە بیرۆکە و واتای زمانیی و ڕۆشنبیری جیاواز.

4-ڕۆشنبیری کۆمەڵ نیشاندەدات، لە چوارچێوەی گواستنەوەی داب و نەریت و بیرۆکەی واتای هاوبەش لە کۆمەڵدا)(. عومەر شێخەڵا دەشتەکی ( 2002 : 6 )

لە ڕوانگەی رەوانبێژییەوە چوار تایبەتی بۆ پەند دیاریکراوە.

1-کورتبری 2-واتاپێکان 3-جوانی لێکچواندن 4- درکە

بە تێگەیشتنی ئێمەش تایبەتی پەند بریتییە لە:

1- بە بەردەوامی لە بارووەدۆخ و ڕووداوەکانی ژیان بیرۆکەی نوێ بەرهەم دەهێنێت .

2- لە گەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم خۆی دەگونجێنێت، دەبێتە وەڵامدانەوی داواکارییەکانی مرۆڤ.

3- کورتبڕی و دەوڵەمەدنی واتا، تەمەنی پەند درێژ دەکات.

4/2) ناوەڕۆکی پەند:

ناوەڕۆك دیوە ڕاستەقینەکەی پەندە، کە واتاو مەبەست لە خۆ کۆدەکاتەوە و دەبێتە بنەمایەکی گرنگ بۆ گەیاندنی پەیام.

پەند لە ژیان و گوزەرانی کۆمەڵدا لایەنێکی دیارە، چونکە یارمەتی تاکەکانی کۆمەڵ دەدات بە پەند وەرگرتن و ئامۆژگاریکردن، ڕایاندەهێنێت بەرگەی هەموو بارووەدۆخە سەخت و ناخۆشیەکانی ژیان بگرن، لە خۆشییەکاندا شادی نۆشبن، پەند جۆریکە لە قوتابخانەی شیکاری بیر و هەڵسەنگاندن، لە ڕووی واتادا بۆ ئەو بوارەی، کە دێتەپێشەوە، هەموو مرۆڤێك بە ئەندازەی ڕوانینی بۆ لۆژیکی ژیان قوتابی ئەو قوتابخانە شیکارییە واتاییە، لەبەرئەوەی پەند بۆ تەواوی چینەکان و قۆناغەکان وانەی فێرکاری و پەروەردەیی پێیە، بۆیە بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی سەرزاری کۆمەڵ دارێژاوە، لە ڕەنجبەرێکی نەخوێندەوار، تا دەگاتە گەورەترین پلەوپایەی کۆمەڵ، پەند پڕییەتی لە بەهرە، باشترین و (دەوڵەمەندترین کەرەستەن بۆ تێگەیشتن لە ڕەوشتی بەرز و بیروبۆچوونی لۆژیکی و ژیرانە لە ناو کۆمەڵدا) ( عبدالباقی اکرم احمد، ( 2012: 7).

ناوەڕۆکی پەند بە بیرو بۆچوونی جیاواز خراوەتەڕوو وەکو:

نەجم ئەڵوەندی ناوەڕۆکی پەندی بە چوار بەش دەستنیشانیکردووە (پەند وقسەی نەستەقی کۆمەڵایەتی وئاینی، پەند وقسەی نەستەقی مێژووی، پەند وقسەی نەستەقی کۆمەڵایەتی ئاینی.) نەجم خالد ئەڵوەنی(2008: 76). شوکریە رسول ناوەڕۆکی پەند بەشێوەیکی ورد وچڕتر لە شێوەکانی تر دارشتووە، بەجۆریك بۆ هەندێك بەش لقەکانی دیاریکردووە: (باری مێژوو، باری ئابووری: 1- کشتوکاڵ 2- پیشەسازی 3- بازرگانی، باری سیاسی، باری کۆمەڵایەتی:1-ئافرەت -2یەکسانی3 - یەکێتی4- شەر و ئاشتی.) شکریە رسول ابراهیم، ( 1984: 78).

بە دیدی ئێمە ناوەڕۆکی پەندی کوردی پۆلیندەکرێت بۆ چەند لایەنێك:

1-لایەنی کۆمەڵایەتی : أ- چینەکۆمەڵایەتیەکان، ب-پەیوەندی خزمایەتی، ج-خوێندەواری، د-تەمەن و رەگەز، ە-پیشە.

2 -لایەنی مێژووی. 3- لایەنی رامیاری و دیبلۆماسی 4- لایەنی ئابووری 5- لایەنی ئاینی 6-لایەنی ژیری و ڕۆشنبیری 7-لایەنی دەروونی. 8-لایەنی تەندروستی. 9- لایەنی یەکسانی ودادپەروەری 10-دەستپاکی و ڕاستگۆیی- پەروەردە و فێرکردن.

sjh@univsul.edu.iq

0/3) ڕاساندنی کارەکیانەی توانی فەلسەفەی ئاینی ئیسلامە لەسەر پەندەکانی شێخ محمدی خاڵە لەڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتیی و واتاییەوە .

زمانەوانی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ پەیوەست بە زمان دەکۆڵێتەوە. کۆمەڵیش پێکهاتووی باری ڕۆشنبیری و کلتوری و داب و نەریت و ئاین و ڕوانینە هاوبەشەکان لە ئامێزدەگرێت، تاکەکانی کۆمەڵ شێوەزاری تایبەت و زاری ئەو کۆمەڵە دیاریکراوە بەکاردەهێنن، بۆیە شێوەی ئاخاوتنیان توان و کاریگەری کایەکانی ژیانی هاوچەرخ و ئەدەب و فۆلکلۆر بە تایبەت پەند دەبێتە گریمانەی بەکارهێنانیان.

لە زمانی کوردیدا توانی فەلسەفەی ئاینی فەرمی، کە ئیسلامە لە پەندەکانی کوردی و بەتایبەت لە پەندەکانی شێخ محمدی خاڵدا ڕەنگی داوەتەوە، لەسەرناوی لێکۆڵینەوەکەدا، ئەو توانەی فەلسەفەی ئاین لەسەر پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ، لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی و واتاوە شیدەکرێتەوە.

فەلسەفە ئاین و بەتایبەتی کلتوری ئیسلامی لە سەر پەندی کوردی کاریگەری هەیە، ئەو کلتورە ئیسلامییە تێهەڵکێشی کلتور و ژیان و گوزەرانی تاکی کورد بووە، بە جۆرێك هەموو لایەنێکی پەندی گرتووەتەوە و بووە بە بەشێکی زیندووی کلتوری ئیستای کۆمەڵی کوردی.

بەهێزترین ڕێگا بۆ ئەم ڕەنگدانەوە کلتورییە، ئامۆژگاریکردنی کۆمەڵی کوردی بووە بەزمانی ئاین، کە دەوترێت:( الدين النصيحه) ، ئاینی ئیسلامیش پڕێتی لە چیرۆك و بەسەرهات و سەرگوزشتەی جۆراوجۆر، ئەمانە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) و یاران و پەیرەوکەرانی گوازراوەتەوە بۆ نێو ئەم کومەڵە و پێگەی خۆی دەگرێت و ئیتر (دەبێتە هۆی لەبەرچاوگرتنی بیروبۆچوون و پێشنیاز لە وەرزاندن و ڕازیکردن و گۆڕانی ئاراستەی بیری تر.) شیلان عوسمان عەبدولرەحمان (2009: 68) بۆ تاك و کۆمەڵ.

بەشی هەرە زۆری نەتەوەی کورد نەخوێندەواربوون و کارێکی سەخت و گران کەوتووەتە سەرشانیان و دەشێت لە هەندێك باردا، نەیان توانیبێت بەتەواوی لە زمانی عەرەبی بگەن و ئایەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)، ئەزبەربکەن، یان لێکبدەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا باوەشیان بۆ کردووەتەوە، بۆیە بیرمەند و زانایانی کورد واتای سەرەکی ئەو پەیامەیان بە وانەوەرگرتن و ئامۆژگاریکردن نمایشکردووە، بەڕێگای کورتکردنەوە و خۆشکردن و ساناکردنی لە سەر زار و گواستنەوەی بۆ ناو کۆمەڵی کوردەواری، بەم ئاشناکردنە، ئاوێتەی زمان و کلتور دەبێت، خەڵکی بەزمانی پەند واتا و مەبەستی پەیامی ئاینیەکە بەکاردەهێنن، کە بارگاوییە بە کلتوری ئیسلامی، لە کۆڕ و دانیشتن و کاروباریان دەبێتە وێردی ژیانی ڕۆژانەیان و تا ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە.

لەڕاساندنی کارەکیانەی کاریگەری کلتوری ئیسلامی لە سەر واتای پەندەکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دووچاری لێکدانەوەی جیاوازماندەکات، چونکە ئەو پەندانەی، کە لە کتێبی( پەندی پێشینان)ی شێخ محمدی خاڵدا هەیە، لە ڕووی واتا و ڕوومالکردنەوە، هەندێك پەند بۆ زیاتر لە بوارێك و مەبەستێك بەکاردێت، ئەم دوچاربوونە لە ڕوانگەی زمانەونی کارەکی و بەتایبەت واتاوە وامان لێدەکان لایەنەکانی واتا و تێگەیشتنی تاك و کۆمەڵ بۆ پەند بەم شێوانە لێکبدەینەوە:

- لایەنی کۆمەڵایەتی:

لە نێو تاکەکانی کۆمەڵی کوردیدا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە، هەموولایەك لە هەوڵی پاراستن و پەیرەوکردنی یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتین، لە نێو ئەم پەیروکردنەدا کاری پەند بریتییە لە پارێزگاریکردن و هاوسەنگی ڕاگرتنی کومەڵ، چونکە خزمەتی بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵ دەکات، وە زۆربەی واتای پەند لایەنی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، کە گوزارشت لە ژیانی مرۆڤ دەکات.

پەندی کوردی ئاماژەی بە لایەنی کۆمەڵایەتی کردووە بۆ هەموو سەردەمێکی ژیان بەکاردێت و سوود و ئامۆژگاری لێوەردەگیرت وە کاریگەری کلتوری ئیسلامی پێوە دیارە .

sjh@univsul.edu.iq

لایەنی کۆمەڵایەتی بریتیین لە:

چینەکۆمەڵایەتیەکان:

کۆمەڵی کوردی لەچەند چینێکی جیاواز پێکهاتووە وەکو ئەو پەندە کوردیە دەڵێت: (پەنجەی دەستان هەموو چون یەك نین)( عادل گەرمیانی ،ژ164 ،2011 ل ،116)، چونکە (خەڵکی لە کاتی بەرهەم وەدەستهێنانیان کۆمەڵایەتی بۆ گوزەرانیان، جۆرە پەیوەندیەك لەنێو خۆیان دەسازێنن زۆر پێویستە و لە دەرەوەی دەسەڵاتیاندایە ئەم پەیوەندیانەی کۆمەڵ لە پلە و پایەکی دیاریکراوی پەرەسەندی توانای بەرهەم دەچێت، کاتێك هێزی بەرهەم دەچێتە پلەیەك لە پەرەسەندنیدا ئەوسا دەچێتە ناو ناتەبایی.) بەجۆرێك کۆمەڵدا بۆ چینی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند و چینی هەژار و رەشورووت و قەڵەندەر دابەشدەبێت.

چینی دەسەڵاتدار و بەهێز و بەتواناکان دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکان، هەندێجار سەرکێشی و سەر لێشیواوی دەیانگرێت و خۆیان جیادەکەنەوە لە چینەکانی تر، تا دەگاتە ئاستی ستەمکردن و پاوانکردنی دەسەڵات و داگیرکردنی سەروەتوسامان و بەکەم سەیرکردنی خەڵکانی تر. بۆ ئەم مەبەستە لە پەندی کوردیدا دەوترێت:

(ماڵەکەی تۆ ئەخۆم بە بەلاش، هێنەکەی خۆم ئەخەمە پاش).

بۆ دوورکەوتنەوە و نەکردنی زوڵم و ستەم و تاوانکاری و پاراستنی شیرازەی کۆمەڵ، کورد بە پەندە ئاگادارمان دەکاتەوە، کە زوڵمکردن باشنییە و ئەنجامەکەی سزاوەرگرتنە، جائەگەر هەرچەندە تەمەنی ئەو ستەمە درێژەبکێشێت. بۆیە لە پەندی کوردیدا دەوترێت: (خوا بە زەبرە و بەسەبرە)،( شێخ محمدی خاڵ،244 )

دەتوانیین بڵێن ئەم پەندە لەرووی زمانەوانیی و واتاوە بە توانی ئەم ئایەتە پیرۆزەکاریگەرە ((وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَى وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ))( سورە هود: 102واتای ئەم ئایەتە لە تەفسیری (ئاسان)دا بەم شێوەیە ڕاڤەکراوە(خوای گەورە ئاماژە بە وەدەکات تۆڵە سەندنەوی بەهێزە، لەو کەسانەی ستەم دەکەن.)( بورهان محمدامین،(233 ).

هەروها پێغەمبەری خودا (د.خ) لەبارەی زوڵم و ستەمەوە دەفەرموێت: (( إنَّ اللهَ ليُملِي للظالِمِ، حتى إذا أخذه لمْ يُفْلِتْهُ)) رياض الصالحين: أبو زكريا محيي الدين بن شرف النووي ط:1 ، 2007 د 1/ 91. ). واتە خوای گەورە ماوە بۆ زوڵم کردنت دەدات، بەڵام واتای ئەوە نییە،کە لێت وەرناگرێت ئەمەش یەکێکە لە تاوانەکان.

هەر کەسێك ستەم و زۆر داریێکات پێیوابێت کەس لەو بەدەسەڵاتتر و گەورەتر نییە، بەڵام کەسی تاوان لێکراو بۆ بەرگریکردن لەخۆی پێ دەڵێت :

((سەر هڵبرە، خوا بناسە))( شێخ محمدی خاڵ،ل244

ئەم پەندە کوردییە ئاماژە بەوەدەکات، کەسێکی گەورەتر هەیە، لە سەرووی هەموو کەس و دەسەڵات و شتێکەوەیە، بۆیە رێگا لە زوڵم دەگرێت.ر لەبارەی ستەم و خۆ بە گەورە زانیین و زلم کردن لە کەسانی بێدەسلات و هەژار، نیشانەی دەسەڵات لای خوای گەورە و بدەسەلاتە، ئەم ئایەتە ((وَلِلَّهِ الْمَثَلُ الأَعْلَى وهُو الْعَزِيزُ الْحَكِيم)) سوره النحل (60)، باشترین ئاماژەیە.

چینی هەژار و بێدەسەڵات لە کۆمەڵی کوردیدا چینێکی گەورەن، لەبەرئەوەی ئەوانیش وەکو گەلانی ڕۆژهەڵاتی بێبەش نین لە چەوسانەوە و برسیکردن و پەراوێز خستنیان لە نێو کۆمەڵدا، بەڵام ئەم چینە هەمیشە ڕەنگدانەوەی ئاینی ئیسلامی هێز و وزەی زیاتریان پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی جوانتر و باشتر بڕوانە ژیان. هەرگیز سڵناکەن لەهێزی دەسەڵات و ملی بۆ کەچ ناکەن، وەکو کورد دەڵێت:

( ئاو بتبات، لە پردی نامەرد مەپەرەوە). شێخ محمدی خاڵ،ل21.

واتە با هەژار و ندارشبیت، مرۆڤی بەهێز خوی نادات بەدەستەوە، هەژاری و نەداری کەموکورتی نییە، واتای ئەوش نییە، کە مرۆڤ بە هەژاری و نەداری لەدایکبوو کەماسییە کردنە بەڵکو هەژاری بریتییە لە هەژای ئاین و بیر و هۆش.

خوای گەورە مرۆڤەکان بە نەبوونی و هەژاری تاقیدەکاتەوە بۆئەوەی بزانیت، تاچ ڕادەیەك خۆڕاگرن، دەفەرموێت: ((وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنْفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ﴾))( سوره البقره(155))، واتە ئێوەی مرۆڤ تاقیدەکرێنەوە بە هەژاری و برسێتی، مژدە بۆ کەسانی خۆڕاگر.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەومان فێردەکات، کە فێری سەبروئارامگرتن بین لەژیاندا، چونکە خوا چۆن بەندەیەك دروستدەکات ئاواش ڕزق و ڕۆژی پێدەبەخشێت، وەك لە پەندی کوردی خاڵدا هاتووە:

(سەری بێ ڕۆژی لە ژێر خاکایە) شێخ محمدی خاڵ،ل246

ئەم پەندە بە بیر هێنانەوەی دەسەڵاتی خوایە بۆ مرۆڤەکان، کە هیچ بەندەیەك خوا بێ ڕۆژی نایهێڵێتەوە، تەنیا مردووەکان نەبێت، کە دەفەرموێت: ((ومَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْض إِلَّا عَلى اللَّهِ رِزْقُهَا)) ، واتای ئەو پەندە لەم فەرموودەی پێغەمبەرە (د.خ) بەدەردەکەوێت و دەفەرموێت: (( لو أنكم تتوكلون على الله حقَّ توكُّله لرزقكم كما يرزق الطير، تغدوا خِماصًا وتروحُ بطانًا)). سورە هود: 6

کۆمەڵی کوردی، گیانی هاوکاری و هەستی هەرەوەزی بەرزی تێدایە، هەمیشە جەخت لە پاراستنی ئەو یەك ڕیزی و هاوکاریکردن و هەرەوەزییە دەکرێت، لە پەندی کوردیدا دوترێت:

(برا لەپشت برابێ، مەگەر بەڵا لە لای خوابێ)( شێخ محمدی خاڵ،ل191

ئەم پەندە لە ڕووی واتاوە وێنای ئەم فەرموودەیە دەکات، کە پێغەمبەری خودا دەفەرموێت: (( يد الله مع الجماعه))( محمد بن حبان بن أحمد التميمي،( 1988: 438 ، دەستەگەری و هاریکاری یەکتر بەشێکە لە کلتوری کوردەواری، وەکو کورد دەڵێت:

( دەست لە دەست و قوەت لەخوا ) شێخ محمدی خاڵ،ل191

کۆمەڵی کوردی دەست بەم کلتورەوە دەگرێت، لە ژێر ڕۆشنیایی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا، خوای گەورە ئامۆژگاری مرۆڤ دەکات و دەفەرموێت: ((وتَعَاوَنُوا عَلى الْبِرِّ والتَّقْوىٰ )) سورە المائدە﴿٢﴾.

خوێندەواری:

نەتەوەی کورد گرینگی و بایەخی بە خوێندەواری داوە، چونکە دەزانێت بۆ ڕزگاربوون لە تاریکی و نەزانین، خوێندەواری خۆ ڕۆشنبیرکردن باشترین چارسەرە، مامۆستایانی ئاینی و فەقێکانیان، هانی تاکی کوردیان داوە برەو بەم لایەنە بدەن، لە کۆمەڵی کوردیدا پیاوانی خوێندەوار و شارەزا باشترین ڕێزیان لێگیراوە، بە هەموو شێوەیەك هاوکاری فێرخوازی حوجرە و تەکیە و خانەقا و شوێنە زانستەکانیان کردووە، هەوڵیانداوە زانست بەدەستبهێنن بەدوایدا گەڕاون بۆ ئەم مەبەستە کورد دەڵێت:

( بزانە زانست لەکوێ هێلانەی کردووە) (شێخ محمدی خاڵ،ل97

دەتوانین بڵێین واتای ئەم پەندە توانی فەلسەفەی کلتورێکی زانستخوازانەی ئاینی ئیسلامی لەخۆگرتووە، کە پێغەمبەر (د.خ)دەفەرموێت: (( أطلبوا العلم ولو بالصين)) الألباني – محمد نصر الدين ( -: 600).

sjh@univsul.edu.iq

لە هەمانکاتدا پێغەمبەر (د. خ) دەفەرمێت زانست ئەرکە لەسەر هەموو باوەردارێك: (( طلب العلم فريضه على كل مسلم)) ابن ماجه القزويني، تحقيق: ( 151: 2009).، چونکە زانست پلەو پایەکی بەرزی هەیە ، لە کلتوری ئیسلامیدا . کەسی خوێندەوار و نەخوێندەوار وەك یەك نین: (( قُلْ هَلْ يسْتَوِى الذِينَ يعْلمُونَ والَّذِينَ لا يعْلمُونَ)) سوره الزمر: (9)

زانست و زانیاری کە ڕێگەیەکە بۆ بەهەشت، وەکو چۆن لەم فەرموودەیەدا هاتووە: (( من سلك طريقاً يلتمس فيه علماً سهل الله له طريقاً إلى الجنه)) (أبو الحسين مسلم بن الحجاج (-: 71)

کەواتە زمانیی ئاینی توانی کلتوری لەسەر زمانی کوردی و پەندی کوردیدا بە درێژایی مێژوو هەیە.

پەیوەندی خزمایەتی:

پەیوەندی خزمایەتی کلتورێکی بەهێزی بۆ کۆمەڵی کوردی نەخشە کێشکردووە، وەکو هەموو کۆمەڵانی دراوسێی بەجۆرێك (پەیوەندی خزمایەتی بەیەکێ لە پەیوەندییە هەرە پتەوەکان دادەنرێت لە کۆمەڵدا بەتایبەتی لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی، لە بەر ئەوەی سنووری بۆ دیاریکراوە.) شیلان عوسمان عەبدولرەحمان،(2009 :73 ).ئەو پەیوەندی خزمایەتییە کۆمەڵێك یاسای تایبەت بەخۆی هەیە، بەشێك لە کلتوری کوردی بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بە خزمایەتی دەناسرێت، ئەویش بەندە بەخۆشەویستی و ڕێز و هاوکاری یەکتر و لە خۆگرتنی دەورووبەرە، وەکو کورد دەڵێت:

(خێر بە خوێش، نەك بە دەروێش) (شێخ محمدی خاڵ،ل179)،

واتای ئە پەندە، بە شێوەی ئەرك سپێدراوە لە سەر مرۆڤی کورد، کە پشگیریکردن و دەستگرتنی خزموکەس، لە پێ بەخشین و چاکەکردن لە گەڵیان، واتای ئەم پەندە کلتورێکی ئیسلامی وەرگرتووە، وەك پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمویت:((خيركم خيركم لأهله، وأنا خيركم لأهلى))محمد بن عيسى أبو عيسى( -: 709). واتە چاکترینتان ئەو کەسەیە چاك بێت لەگەڵ کەسەکانی، منش چاکترینم بۆ کەسەکەم. ئەم فەرموودەیە هانی تاکی کوردی داوە چاکە و چاکەکاری لەگەڵ کەسوکاری بکات، باشترین چاکەش لەگەڵ خزم و کەسە.

لە پەندێکی تردا ئاماژە بە ناسندنی کەسەکان دەکات، بە ڕێگای خزموکەس و بنەماڵە و تیر و هۆزەکان، وەکو کوردەڵێت:

( دار بە بەرەکەی ئەناسرێ)( شێخ محمدی خاڵ،ل181

واتای ئەم پەندەش لە ڕووی پەیوەندی خزمایەتی و یەکترناسین دەچێتە ژێر تیشکی ئەم ئایەتە پیرۆزە (يا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وأُنْثَىٰ وجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ) سوره الحجرات: (13).واتای ئایەتەکە ناساندنی خەڵکان بە ڕێگای هۆز و تیرە و بنەماڵەکانەوە دەناسێنێت، بۆ ئەوەی یەکتر کۆبکەنەوە .

لایەنی تەندرووستی:

پەندی کوردی ڕەهەندێکی گشتی بۆ ژیانی کۆمەڵ هەیە، یەکێك لەو ڕەهەندانە لایەنی تەندرووستییە، پزیشکان و حەکیمانی کورد بەرگێکی تەندرووستیان بە بەر کلتوری کوردیدا گرتووە، چونکە جۆری ژیانوگوزەرانی کۆمەڵی کوردی بە پێی هەڵکەوتەی ناوچەکەی جۆری خواردن وخواردنەوە و خۆپاراستنی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ ئەم هەلومەرجە وای خواستووە پزیشك و حەکیمی خۆی هەبێت، بۆ چارەسەر و ڕێنمایی تەندرووستی خۆی هەبێت، ،هەتا کۆمەڵگایەکی تەندرووست بەرهەمبهێنی.

بۆ زیاتر ئاشنابوون و وەگرتنی زانستی تەندرووستی، سوودمەند بووە بە زانستی ئیسلامی، کەزادەی کلتورێکی تەندرووستە. بۆئەم مەبەستە چەندین پەندی جۆراو جۆری کوردی هەن بۆ برەودان و ئاگاداربوون لەم بوارەدا، کوردەڵێت:

(خوا دەردیش ئەدا و دەرمانیش ئەدا) شێخ محمدی خاڵ،ل170

واتای ئەم پەندە ئەوەیە، خوای گەورە نەخۆشی و دەرد و ئازارێك بۆ مرۆڤ دەنێرێ، ئیتر واتای ئەوە نییە، کە چارەسەر نەبێت و لیێ بێ ئومێدبی، بەڵکو خوای گەورە چارەشی بۆ داناوە، بەڵام دۆزینەوی چارەکەشی دەوێت. بۆ ئەم مەبەستە پێغەمبەر(د.خ)دەفەرموێت: ((لِكُلِ داوٍ دواءٌ)) أبو الحسين مسلم بن الحجاج(-:21 ). واتە بۆ هەر نەخۆشیەك دەرمانێك هەیە، ئەگەر دەرمانەکە بەکار هێنرا، بە دەسەڵاتی خوا چاك دەبێتەوە. هەروەها (کورد جەخت لە سەر پرسی کەم خۆری و زۆر خۆری دەکات) خورشید خدر(،2008، :27) بۆ ئەم مەبەستەش بۆ ئاگاداربوون لە زۆری خۆری چەند پەندێك هەیە، بۆ ئامۆژگاری تەندروستی وەکو: (کا هی خۆت نەبوو، کادان هی خۆت بوو) شێخ محمدی خاڵ،ل .293 . ئەم پەندە بە کەسێك دەوترێت دەست بە خواردن و خواردنەوەی ماڵی کەسێکی تر بکات، زیاتر لە پێویستی تێر بوونی خۆی بخوات، هەروها ئەم پەندە:

(کەم بخۆ و مەچۆرە لای حەکیم ) شێخ محمدی خاڵ،ل 311

بۆ ئامۆژگاری تەندرووستی بەکاردێت، بۆئەوی مرۆڤ پێویستی بە چارەسەرو حەکیم نەبێت، پێویستە خۆی لە زۆر خۆری بە دوور بگرێت بۆ جەختکردنەوە لە سەر بوونی بەرنامەی خواردن و خواردنەوە کورد بەم پەندە رێنمای تەندروستی دەدات:

(کەم خۆری دایم خۆربە) شێخ محمدی خاڵ،ل312

تەواوی ئەم پەندانە تەندروست پۆشکراون بە کلتوری ئاینی ئیسلام، کە خوای گەورە و پێغەمەر(د.خ)، لەم بارەیەوە ئامۆژگاری دەدەن، خوای گەورە دەفەرموێت((وكُلُوا واشْرَبُوا ولا تُسْرِفُوا )) سوره الأعراف(31) . واتە (بخۆن و بخۆنەوە، زیادەرۆی مەکەن) بورهان محمدامين،(-: 154)، هەروها پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت:(( ما ملأ أدمی وعاءً شراً من بطن....)) محمد بن عیسی( -: 590)، واتای ئەم فەرموودەیە، زانیاری پێدان و ئامۆژگاریکردنە بۆ تەندروستی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ هیچ دەفرێکی پرنەکردووە، کە لە پرکردنی ورگی خۆی خەراپتربێت، بۆ مرۆڤ ئەوەندە خواردنە بەسە کەخۆی پێرابگرێت، بۆ ئەم مەبەستە ورگی بکات بەسێ بەش: بەشێکی بۆ خۆراك، بەشێکی بۆ ئاو، بەشێکی بۆ هەوا(هەناسەدان).

لایەنی ئاینی:

پەندی کوردی بەشێکی گەورەی لە لە بواری ئاینیدا خۆی دەبینێتەوە، بەهاتنی ئیسلام و بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنی لەناو کۆمەڵی کوردیدا، پەندی کوردی کەوتە ژێر ئەو تەوژمە ئاینییە، کلتورێکی نوێ و ڕوانینێکی تری بۆ دنیا و بۆ دوارۆژ پێبوو، بە تاقیکردنەوەی ژیان لەگەڵ ئەو پەیامە، پەندی کوردی گۆڕانی بە سەرداهات و گوزارشتەکانی گۆڕان، پەند لە گەورەیی و بەهرەمەندی (بەرای زۆرێك لە پیشینان و ئاقڵمەندانی کورد لە ڕووی ڕێنمای و پەیرەوکردندا لە دوای قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانەوەدێت.) خورشید خدر(-:27)، بۆیە پەند بووەتە کلیلی دەرگا نەکراوەکان و گرێکوێرەکان دەکاتەوە، ڕێگای دووری لەیەکنەگەیشتن نزیکدەکاتەوە و خاڵی چارەسەری کێشە هەڵپەسراوەکانی نێو کۆمەڵی کوردییە و جێگای ڕەزامەندی و قبوولکردنە، کلتوری کوردی لە خنکانی ڕۆژگار رزگار دەکات، بە ڕەهەندی کلتوری ئیسلامی ململانێی ژیاندەکات و برەو بەمانەوەی هێزی خۆی دەکات، وەکو کورد لە بارەی بەڵێن و پەیماندادان خاوەنی قسەوکرداری خۆیەتی و دەڵێت:

(پیاو بە قسەی خۆی دەبەسترێتەوە) شێخ محمدی خاڵ،ل. 119

ئەم پەندە ڕەنگدانەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزەی پێوە دیارە، کە خوای گەورە دەفەرموێت: (( وأَوْفُوا بِعَهْدِ اللَّهِ إِذَا عَاهَدْتُمْ ولا تَنْقُضُوا الْأَيْمَانَ)) سوره النحل :66. واتای ئەم ئایەتە بۆ پەیمانی خوا وەفا بنوێنە و سوێند بەتاڵ مەکەوە.

هەر لەبارەی ڕەنگدانەوەی کلتور و ڕۆشنبیری ئیسلامی لە سەر پەندی کوردی، کورد دەڵیت:

( درۆزن دوژمنی خوایە) شێخ محمدی خاڵ،ل 126

sjh@univsul.edu.iq

202 بۆ ئەم مەبەستە خوای گەورە هەڕەشە لەو کەسانە دەکات، کە درۆدەکەن چۆن بەسزای خوای گەورە دەگەن، کە دەفەرمویت: ((ولهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يكْذِبُونَ)) سوره البقره:( 10). کاریگەری ئاینی ئیسلام لە کۆمەڵی کوردیدا لە زور لایەنەکانی ژیان بەدیدەکرێت، وەکو دورینەوەی بەرهەمی مرۆڤ بەپێی کارو کردەوەکانێتی بۆ ئەم مەبەستە کورد دەڵێت:

(چی بچێنیت، ئەوە ئەدوریتەوە) شێخ محمدی خاڵ،ل157

واتای ئەم پەندە، کرۆکی ئاینی ئیسلام و کلتورەکەیەتی، هاو شێوەی ئەم پەندە، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (( کمان تَدِينُ تُدان)) محمد بن إسماعیل أبو عبدالله البخاری ( 1987: 1621). ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم فەرموودەیە وەك پەندێك بەکاردێت لەنێو کۆمەڵ، واتە چ بکەیت لەژیاندا وادێتەوە ڕێگات، ئەگەر چاکەبکەیت بە چاکە وەڵام دەدرێتەوە، ئەگەر خراپە بکەیت بەخراپە وەڵام دەدرێتەوە. ئەم پەندەش بەکاردێت بۆ لایەنی ڕاست و دروستیی لە ئاین و پاڵنانی مرۆڤ بەرەو کاری خێر و چاکە. دەتوانیین بڵێین پوختەی ئەم پەندە ئەوەیە مرۆڤ بە گوێرەی کارەکانی خۆی پاداشت وەردەگرێت، جا چاکەبێت، یان خراپە، بەڵگەش لەسەر ئەمە خوای گەورە دەفەرموێت: ((فَمَنْ يعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يرَهُ * ومَنْ يعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يرَهُ )) بورهان محمدامین، (-: 599 )، واتە ئەوەی بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك خێروچاکەی ئەنجامدابێت دەیبینێتەوە، ئەوەش کە بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك شەڕوخراپەی هەبێت، دەیبینێتەوە. لە ڕوویەکی ترەوە پشت بەستن بەخوای گەورە، بەهێزترین دەسەلات و گەورەی بەمرۆڤ دەبەخشێت، با ئەو کەسە بێکەس و بێ پشتیوان و بێ توانا وبێ هێزبیت، ئەم کلتورە ئیسلامییە، مژدەی باشترین و مەزنترین کەسیان پێدەدات، کە لەگەڵیاندایە و پشتوانیان لێدەکات، کە ئەویش خوای گەورەیە، بۆیە کورد ئەم پەندانەی وتووە:

(خوا یاربێ، با دوژمنت هەزاربێ) شێخ محمدی خاڵ،ل 173

(خوا یاربێ با شیرت داربێ)

(شێخ محمدی خاڵ،ل 173

(کەسی بێ کەسان خوایە) شێخ محمدی خاڵ،ل309

خوای گەورەش بۆ پشتگیری بەندەکانی دەفەرموێت: ((ومَنْ يتَوكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُو حَسْبُهُ)) سوره الطلاق (3) ، واتا هەر کەسێك پشت بەخوا ببەستێت، ئەوا خوا بەسە بۆ ئەو.

لایەنی مێژوویی :

پەند گەوهەرێکە جەوالی مێژووی پرکردووە لە بەسەرهاتوو سەرگوزشتەی جۆراوجۆر هەریەکێیان چیرۆکێکی لە پشتەوەیە. هیچ کۆمەڵگەیەك نییە دەسەلاتی ئاینی بەهایەکی پێ نەبەخشیبێت. کۆمەڵی کوردی بەشێك لەپەندەکانی لەڕووی مێژووییەوە دەچنەوە سەر کلتوری ئیسلامی واتای پەندەکە ئەگەرچی بۆ ئەمرۆیە، بەڵام ئاماژە پێکردنەکەی بۆ ڕووداوێکی ئاینییە، وەکو کورد دەڵێت:

( بانگی محەمەد بەئاشکرا خۆشە) خاڵ،ل77

واتای ئەم پەندە بۆ هەرکارێکی باش دەگەرێتەوە با بەئاشکرا بانگەشەی بۆ بکرێت و نەشاردرێتەوە، ئەوە ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە بۆ سەرگوزشتەی ئەو ڕووداوە ئاینییەی کە وەرچەرخانێکی گرنگبوو لەبانگەشە و بڵاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام پاش سێ ساڵ بەنهێنی، پاشان خوای گەورە بەم ئایەتە داوای لەپێغەمبەر (د.خ) کرد دەستبکات بەبانگەشە بەشێوەیەکی ئاشکرا: ((فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ* إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ)) سوره الحجر: 94-95 . بۆ یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان و دەرخستنی ڕاستی و دروستی و گەیشتن بە ئەنجام، کورد بەم پەندە کوتایی پێدەهێنێت و دەڵێت:

(عیسا بە دینی خۆی و مووسا بە دینی خۆی) شێخ محمدی خاڵ،ل276. ،

واتە هەر یەك بە بەرنامە و ئایدۆلۆژیای خۆی کاری خۆی ئەنجامبدات، کە ئاماژەیە بۆ دوو رووداوی ئاینی جیاواز لە دوو سەردەمی جیاوازدا روویانداوە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ((شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ)) سورە الشوری: 13.

لایەنی یەکسانی و دادپەروەری:

یەکسانی و دادپەروەری، کۆمەڵ رێکدەخات و جیاوازی تاکایەتی و هێزگەرای ناهێڵێت. کۆمەڵی کوردی لە مەر کێشمەکێشم و دووبەرەکایەتی و جیاوازیکردنی نێو تاکەکان و کۆمەڵ و دەستەکان و خواردن و دستگرتن بەسەر ماڵ و مافی یەکدا زۆر پەندی وتووە، بۆئەوی ببێتە سەنگی پێوانە، ماف بۆ خاوەن ماف بگەرێتەوە و یەکسانی و داداپەروەری لە کۆمەڵدا کلتوری خۆی بپارێزێت. بۆ ئەم مەبەستە بنەماکانی ئاینی ئیسلامی بەهەند وەرگرتووە، کە لە سەر بنەمای یەکسانی و دادگەری دامەزراوە، چونکە (ئیسلام پێش هەموو شتێك بۆ دوو مەبەست هاتووە یەکیان تاك پەرستی، ئەوەی تریان یەکسانی)( طه حسین، الفیتنه الکبری،(- : 10) ئەم کلتورە ئیسلامییە ڕەنگی بە بەر پۆشاکی پەندی کوردیدا کرووە، بۆیە کورد لەسەر یەکسانی و دادپەروەری زۆر پەندی خستووەتە سەر زار و کۆشی کۆمەڵ وەکو کورد دەڵێت:

( دەستێك حاکم ببیڕێ ، خوێنی نیە) شێخ محمدی خاڵ،ل195.

یاخود: ( دەستێ شەرع ببیڕێ، خوێنی نییە.) شێخ محمدی خاڵ،192،

واتای ئەم پەندانە، پێدانی حوکم و دەسەڵاتە بە کەسی فەرمانڕەوا، باحوکمی تاوانەکە بگاتە برینی دەستش، بەڵام لە بەر ئەوی ماف دەسێنێت و یەکسانی و دادپەروەری دەپارێزێ ، کەسی تاوانبار خۆشحاڵە بەو دادپەروەری و یەکسانییە. بۆ بەر پاکردنی فەرمانی یەکسانی و دادپەروەری خوای گەورە دەفەرموێت: ((إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ)) سورە النحل: (90). واتە ((بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بە داد پەروەری و چاکەکاری)) بورهان محمدامین، (277 )، لەهەمان کات پێغەمبەر (د.خ) دەربارەی فەرمانی دادپەروەری دەفەرموێت: ((اتقوا اللهَ واعْدِلُوا)) ( أبو الحسین مسلم بن الحجاج(-: 65.) واتە خوای گەورە بپەرستن و دادپەروەرو یەکسان بن.

هەروەها لە بارەی یەکسانی و دادپەروەری نێوان مرۆڤەکان و راگرتنیان لە یەك ئاست و نەکردنی جیاوازی نێوانیان، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (( الناس سَواسیةٌ کأسنان المشط لافضل لعربیّ علی عجمی إنما الفضل بالتقوی)) محمد بن أحمد السرخسی (1993 :23 ) . لەرووی واتاوە، ئەم فەرموودەیە، هێما بۆ یەکسانی لە نێوان مۆرۆڤەکان دەکات ، بە شێوەیەك هەموویان لەیەك ئاستن، تەنیا لە بەندایەتی بۆ خوا جیاوازن.

ڕاستگۆی و دەستپاکی

ڕاستگۆی و دەستپاکی لە کۆمەڵی کوردیدا بایەخ و سرنجی خراوەتەسەر، بە چاوێکی گەورە و وردبینییەوە تێیروانراوە، ئەم کۆمەڵگایە هێندە هۆگری ڕاستگۆی و دەستپاکی بووە، بە جۆرێك هەر گۆشەیەکی ژیانیان هەڵبدەیتەوە، لاپەرەیەك لە ڕاستگۆی و دەستاپاکی لە بوخچەیەکی سپیدا دەدۆزیەوە. کلتوری ئیسلامیش هێندەی تر بۆن و ڕەنگی جوانتری بە کۆمەڵی کوردی بەخشیووە، چونکە کێش و سەنگی تەرازووی ئاینی بە لای مەبەستی ڕاستگۆی و دەستپاکی دەشکێتەوە. لە نێو کۆمەڵ کوردیدا، زۆر بەسەرهات و چیرۆك و رووداوی جۆراوجۆر بۆ ئەم مەبەستە دەوترێت، زۆرجار ئەمانە بەشێوەی پەند دەخرێتەڕوو وەکو:

(ڕاست بەڕاستی، خوار بەشکستی) شێخ محمدی خاڵ،ل219

(ڕاستی ڕەفتی، چەفتی کەفتی) شێخ محمدی خاڵ،ل219،

sjh@univsul.edu.iq

وتای ئەم پەندانە، جەخت کردنەوەیە لە سەر ڕاستی و بەردەوامبوون لە سەری دەتگەنێتە مەبەست و ئامانجی ڕوون، ئەگەر بەپێچەوانەوە ڕەفتار و گوفتار بکەیت، ئەوا دەکەویت و شکستدەهێنی. ئەم پەندانە لەگەڵ واتای ئەم ئایەتە پیرۆزە یەك دەگرێتەوە، کە خوای گەورە دەفەرمویت: ((يا أَيُّهَا الَّذينَ امَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ))( سوره التوبه: 119 ، واتە ((ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەرتان هێناوە لە خوا بترسن و پارێزگاربن، هەوڵبدەن هەمیشە لە گەڵ ڕاستگۆیان، ڕاستادابن.) بورهان محمدامین، (:-206 )، بۆ خوشەویستی ڕاستی، کورد بە پەندێکی تریش، ئاماژە بۆ ئەو ئایەتەی سەرەوە دەکات، کە خوای گەورە فەرمان بە ڕاستی و ڕاستگۆی دەکات و خۆشی بەڕاستگۆیی دێت، کورد دەڵێت:

( خوا ڕاستە و ڕاستی لێ خۆش دێ)( شێخ محمدی خاڵ،171) ، کۆمەڵی کوردی، ڕاستی و ڕاستگۆی بە ڕەحمەت و چاکە هەژماردەکات، بۆیە دەوترێت:

( لە ڕاستی ڕەحمەت ئەبارێ )( شێخ محمدی خاڵ،ل 352 )

لەڕووی زمانییەوە واتای ئەم پەندە، دەچێتەوە سەر واتای ئەم فەرموودەیە: (( عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ، فَإِنَّ الصِّدْقَ يهْدِي إِلى الْبِرِّ، وإِنَّ الْبِرَّ يهْدِي إِلى الْجَنَّةِ، ومَا يزَالُ الرَّجُلُ يصْدُقُ ويتَحَرَّى الصِّدْقَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ صِدِّيقًا)) أبو الحسين مسلم بن الحجاج (-: 29)، واتە: ڕاستی ڕێنیشاندەرە بۆ چاکە، چاکەش ڕێنیشاندەرە بۆ بەهەشت، مرۆڤ لە قسەکانیدا ڕاست دەڵێت, هەتا لای خوا بە ڕاستگۆ لەقەڵەم دەدرێت.

دەستپاکی بەشێکە لە خەسڵەتە بەرزەکانی کۆمەڵی کوردی، هەموو چین و توێژەکان ئامادەی خۆیان نیشاندەدەن بۆ پابەندبوون و خۆرازاندنەوە و بەرزکردنەوەی پلە و پایەیی کۆمەڵایەتیان ، بەجۆرێك کەسێ، کە دەستپاك نەبێت و خیانەت لە سەر و ماڵی خەڵك بکات، ڕێز لە کەسایەتی و پلەوپایەکەی خۆی نەگرێت، ئەوا ڕێزی مرۆڤایەتی لێدەسەنرێتەوە و پەراوێزدەخرێت، دەخرێتە ڕیزی ئاژەڵانەوە، بەڵام چ ئاژەڵێك؟ ئاژەڵێکی دەڕەندە و خراپتریش لە دڕندە، بۆ ئەم مەبەستە کورد دەڵێت

:( شوانی ناپاك لە کورگ خراپترە) (شێخ محمدی خاڵ، 269)

لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە واتای ئەم پەندە، ڕەنگدانەوەی کلتوری ئیسلامی بە تۆخی بە دیاردەکەوێت، چونکە دەقی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی زۆر بۆ ئەم مەبەستە خراوەتەڕوو، خوی گەورە دەفەرمویت: ((إِنَّ اللَّهَ يأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَىٰ أَهْلِهَا)) (سوره النساو: (58). ، واتە (بێگومان خوا فەرمانتان پێدەدات کە هەموو ئامانەتەکان(سپاردەکان) بگەڕێنەوە دەست خاوەنەکانیان) (بورهان محمدامین، (-:87 ) پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمویت: (( أَدِّ الأَمانه إلى منْ ائتَمَنَكَ، وَلَا تَخُنْ مَنْ خانَكَ)) محمد بن عیسی (556،1975)، واتە سپاردە بدەوە بەدەستی ئەو کەسەی پێی ڕاسپاردووی، ناپاکی لەگەڵ ئەو کەسەم مکە ،کە ناپاکی لەگەڵداکردوی.

لایەنی دەروونی:

زمانەوانی دەروونی لەناوەخنی زمانەوانی کارەکییەوە بارودۆخی دەرونی تاك و کۆمەڵ لەبەرچاودەگرێت و لێی دەکۆڵێتەوە و دەیانکاتە کەرەستەی و داتای لێکۆڵینەوە، بۆیە لە هەر کۆمەڵگایەك کۆمەڵێك هۆکار هەن، کار لە دەروونیان دەکات، ئەم باروودۆخە دەروونیانە بە دوولایەن کار لە هەستی مرۆڤ دەکات، لایەنێکان ئەرێنی و ئەوەیتریان نەرێنی، بۆیە کۆمەڵی کوردی هەمیشە هەوڵدەدات بە بەکارهێنانی ئەو پەنداتە کار لە هەست و نەست و دەروونی بەرامبەری بکات و بیورژێنێت، جۆری ژینگە و باروودۆخەکە ڕۆڵی خۆی دەبینی ، واتە لە چ کات و ساتێك و بۆ چ مەبەستێك ئەو پەندە دەخەیەکار. بۆ نموونە لە کاتی ناخۆشی و ڕووتێکردنی خەم و پەژارەو و نزیك بوونەوە لە قەراغی نا ئومێدی, تاکی کورد ڕاستەخۆ هانا بۆ ئەم پەندە دەبات و دەڵێت:

( خوا دەرێك ئەگرێ و دەرێکی تر ئەکاتەوە(شێخ محمدی خاڵ،171)

sjh@univsul.edu.iq

لە ڕووی زمانەوانییەوە واتای ئەم پەندە ئاهێك بە هەناسەی قەتیس کراوی مرۆڤی هەناسە ساردەکات، سەرلەنوێ لە دەروونەوە هەستانەوە و درێژەپێدانی کاروانی ژیان چاوەڕوانی لێدەکرێت، تەمی نا ئومێدی دەڕوێنێتەوە، واتای ئەم پەندە دەوونییە، لە کاتی تەنگانە و ناخۆ شیدا، مرۆڤ دەخاتە بارێکی دەروونی گەورەوە، بەڵام لە نێو کۆمەڵی کوردیدا، چارەسەری ئەم دۆخە دەروونییەش بەم پەندە دەکرێت: (لە پاش تەنگانە خۆشییە)(شێخ محمدی خاڵ، 347واتای ئەم پەندە ڕاست و ڕاست دەچێتەوە سەر واتای ئەم ئایەتە (( إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا)) - سوره الشرح (6)-واتە لە دوای ناخۆشی و تەنگانە خۆشی دێت.

بۆ دوورکەوتنەوەی مۆرڤ لە نەخۆشی دڵەراوکێ (واسواس) و دوو دڵی و نیگەرانی(قەلق)، و خۆ خەریکنەکردن بەم بارە دەروونییەوە، کورد ئەم پەندە دەخاتەڕوو:

( نە سیر و نەپیاز، نە ئینسانی وەسواس) شێخ محمدی خاڵ،ل407

ئەم پەندە ئاماژە بۆ ئەم تێکستە قورئانیە دەکات: ((مِنْ شَرّ الْوسْواسِ الْخَنَّاسِ * الّذی يُوسْوِسُ فِی صُدُور النَّاسِ * مِنَ الْجِنَّةِ والنَّاسِ)) سوره الناس: (4. 5. 6).

کەواتە بارودۆخی دەروونی تاك لە کۆمەڵی کوردەواریدا، بۆ خامۆشبوون و چارەسەری ئاریشە دەروونییەکان، وشە و زاراوە هیوابەخش و جوانەکان بە زمانەوانی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی دەرونییەوە بەکاردەهێنن و پەندەکان دەکەنە باشترین کەرەستەی چارەسەری ئەم بارە دەرونیانە.

لایەنی ژیری و ڕۆشنبیری:

یەکێك لە مەبەستە سەرەکیەکانی واتای پەند بۆ مەبەستی ژیری و ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵ وتراوە، چونکە واتای پەند پڕ و لێوان لێوە لە بارەی هوشیارکردن و بەرچاوڕونکردنی تاك بە تاکی کومەڵ، بە هونەری ژیری و ڕۆشنبیری ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کەدێنە پێشەوە، دەبێتە بەشێك لە چارەسەرکردنی کێشەکان. لەنێو کۆمەڵی کوردیدا بە شێك لەو پەندانە، سێبەری کلتوری ئاینی ئیسلامی لە سەرە، چونکە کورد هوشیاری و ئامۆژگاری دەداتە مرۆڤی ژیر و دانا، کە زیاتر لە جارێك لە خشتە نابردرێت و هەڵناخەڵەتێنرێت، بەم تێگەیشتنە دەڵێت:

( عاقڵ، دووجار ناخەڵەتێ)( شێخ محمدی خاڵ،ل275)

یاخود) مەردی هوشیار دەست بە کونێکا ناکا دووجار) شێخ محمدی خاڵ،ل381 ،

ئەم پەندانە لەڕووی واتاوە کاریگەرن بە فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) کە، دەفەرموێت: (( لا يُلدَغُ ألمؤمِنُ مِنْ جُحِر واحِدٍ مَرتَّيْنِ))( محمد بن إسماعيل (-:، 31.)، واتە مرۆڤی ژیروعاقل پێوستە هەڵوێست وەربگرێت دووجار نەکەوێتە چاڵەوە، هەر لە بارەی مرۆڤی ژیر و دانا، کە تووشی ئاریشە بێت، وەکو نەزان و بێ ژیر نییە لەسەری بە گران هەژماردەکرێت. وەکو کورد دەڵێت:

( نەزان بە پێیەك زانا بە دوو پێ تێ ئەکەوێ)

شێخ محمدی خاڵ: 411

.هەر لەبارەی زانا و ڕۆشنبیری مۆرڤ، کورد دەڵێت:

( دوژمنایەتی زانا، لە دۆستایەتی نەزان خۆشترە)

شێخ محمدی خاڵ،ل411

(دوژمنی دانا لە دۆستی نادان باشترە) شێخ محمدی خاڵ:411

بۆیە ئیمامی عەلی دەفەرموێت : ( (لاتصحب الجاهل ... إياك وإياه.. فكم من جاهل أردى ... حليما حين يخاه.. يقاس المرو بالمرو)) (محمد بن حبان ( 118:1977). لەهەمانکاتدا ، أبی حازم دەڵێت: (( أن يغضبك عدوك المسلم خير من أن خليلك الفاجر))( العامری(-: 114)، واتە دوژمنێکی ژیرو زانا باشترە لە دۆستێکی نەزان.

بۆئەوەی تاکی کۆمەڵ، داناو هوشاربن، پێویستیان بە کەسی زاناو لێهاتووە، وەکو لەم پەندەداهاتووە:

(مزگەوت بێ مەلا نابێ)

شێخ محمدی خاڵ،ل388

واتە، هیچ شوێن و کۆمەڵێك بێ کەسی دانا و ژیر نابێت. بەگشتی ئەم پەندە پێ هەڵدانە بۆ کەسی زاناو دانا هەر بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت(( فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ )) ، سورە النحل: (43))،

هەروەها زانایانی کورد هانی خەڵك دەدەن، بۆئەوەی هوشیاربن چاوکراوەبن، پێویستە لەسەر هەربابەتێك کەشارەزاییان نییە پرسیاربکەن وەکو کورد دەڵێت:

( یا زانا بە، یا پرسابە) شێخ محمدی خاڵ،451

بەم تێگەیشتنە زمانەوانی کۆمەڵایەتی بۆ ژیری تاك و کۆمەڵێکی تەندروستی ڕۆشنبیری، لە ناوفەرهەنگی زمانی کوردیدا بە وشەگەلێکی پڕ بەها لە شێوەی ئاخاوتنی زارەکیدا، کە خۆی لە پەندا دەبینێتەوە دروستەی کۆمەڵێکی هۆشیار و ژیر دەخاتەوە باوەشی کۆمەڵ و نەوەکانی داهاتوو.

لایەنی پەروەردە و فێرکردن:

پەروەدە و فێرکرن پێویستی بە کات و تاقیکردنەوەی جۆراوجۆر هەیە، چونکە (فێربوون پرۆسەیەکی درێژخایەنە بۆ گۆڕینی زانیاری و ئەزموون بۆ زانیاریی، شارەزایی و ڕەفتار. لەلایەکی ترەوە، پەروەردە تەنیا ڕێگایەکە بۆ فێربوون. ئەمە پرۆسەیە کە کۆمەڵ زانیاری و بەها و شارەزایی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازێتەوە). ( Peterka, S.O. .et al (2015: 59 )

بۆیە دەبێت تاك فێری پشوو درێژی و خۆڕاگرییبێت بۆئەم مەبەستە دەوترێت:

(لە پڕێ، نابێ بە کوڕێ) شێخ محمدی خاڵ،348

یاخود بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی فێربوون، دەبێت بە قۆناغی تاقیکردنەوەی گران و مەحاڵدا تێپەڕی، بۆیە کورد دەڵێت:

( سورا تا نەگڵێ نابێ بە سوار) شێخ محمدی خاڵ،348

بۆ ئەومەبەستە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (( لاحليم إلا ذو عثره ولا حكيم إلا ذو تجربه)) ، محمد بن حبان البستی (1977 : 208). بۆ بەردەوامبوون لە سەر پەروەردە و فێرکردن، زانایان و مۆستایان جەخت دەکەنەوە نابێت، پەلە بکەیت و دەستبکەیت بەکاری گەورەتر لە خۆت. دەڵێن :

(فێری ڕۆین بە، ئنجا دەست بکە بە ڕاکردن) شێخ محمدی خاڵ،281

(یا پرسە بە، یا دانا بە) شێخ محمدی خاڵ،451

واتە، بە پرسیارکردن فێردەبی و هەموو شتێك ئەزانی، پیغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (( إِنَّ اللَّهَ لا يقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعًا ينْتَزِعُهُ مِنْ العِبَادِ ولكِنْ يقْبِضُ العِلمَ بِقَبْض العُلمَا وِ حَتَّى إِذَا لمْ يُبْقِ عَالِمًا اتَّخَذَ النَّاسُ رُؤوسًا جُهَّالًا فَسُئِلوا فَأَفْتَوْا بِغَيْر عِلمٍ

sjh@univsul.edu.iq

فضُلوا وأَضلُّوا ))، محمد بن إسماعیل(-: 50.). واتە خوای گەورە لە مرۆڤەکان زانست و زانیاری ناکاتەوە، ئەگەر بە مردن نەبێت، بۆیە پێویستە لەسەریان پرسیاربکەن و بزانن و فێربن بۆ ئەوەی لە نەزانیین رزگاریانببێت.

لایەنی ئابوری و بازرگانی:

ئابووری و بازرگانیکردن بەخاڵێکی گرنگی وەرچەرخانی ژیانی کۆمەڵ دادەنرێت، هەر کۆمەڵێك بەپێی سروشتی خۆی یاسا و سیستەمی تایبەتی بۆ گەشەپێدانی ئابووری و بازرگانی هەیە.

کۆمەڵی کوردی سەرەتای بازرگانیکردنی بەئاژەڵداری و کشتوکاڵی دەستپێکردووە، چونکە کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە بەشوانکاری و ئاژاەڵداری خەریکبووە، یەکەم ناوچەی کشتوکاڵی لە جیهاندا لە کوردستان دۆزراوەتەوە و دەستپێکردووە، بەڵام بەگۆرانی سەردەم جۆری بازرگانی گۆڕاوە، جێپێی کلتوری ئیسلامی لەسەر لایەنی ئابووریدا بەدەردەکەوێت، چونکە لەجۆری کڕین و فرۆشتن خەرجکردن و پاشەکەوتدا تاکی کورد دەستی بە کلتوری ئیسلامیەوە گرتووە، وەکو کورد دەڵێت:

(( شتێ بخۆ، شتێ بدە، شتێ هەڵگرە)) شێخ محمدی خاڵ،268.

واتای ئەم پەندە دەمانگەیێنێتە سیستەمێکی ئابووری بەهێز بەجۆرێك دەست بەڵاوی تەخشانوپەخشانی بەداهاتی ئابوورییەوە نەکرێت، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ((وكُلُوا واشْرَبُوا ولا تُسْرِفُوا )) سورە الأعراف: (31)، بۆیە کورد دەڵێت:

(( بەقەد بەڕەی خۆتپێ ڕاکێشە)) شێخ محمدی خاڵ،83

ئەم پەندەش ئاماژەیە بۆ دەست بەخۆ گرتن لە زێدەڕۆی و خەرجکردن بەبێ ئەوەی لەنێو کارێکی نارەوابێت بۆهەمان مەبەست خوای گەورە دەفەرمویت:((إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوانَ الشَّياطِينِ)) سورە الإسراو: (27.)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤی زیادەرۆ هاوەڵی شەیتانن، مرۆڤ بەسروشتی خۆی حەزوتەماحی زۆرە و ئارەزووی دونیا دەکات و تێر نابێت، بۆیە پێغەمبەری خودا دەفەرمویت: (( لو كان لابن یدم وادیان من مال لابتغی ثالثا ، ولا یملأ جوف ابن یدم إلا التراب))، محمد بن إسماعیل(-: 175) . چونکە چێژی دونیا وەك سەراب وایە، ئەگەر هاتوو تێکەڵ بەخوێنی مرۆڤ بێت توشی نەخۆشی دەکات ،کوردیش دەڵێت: (تەماع سەری نەبریت سەرت دەبرێت)، شێخ محمدی خاڵ،135

دەتوانیین بڵێین ئابووری بەشێکی گرنگە لەئاسایش و ئاشتی ماڵ و کۆمەڵ بۆ ئەم مەبەستە کورد وتوویەتی :

(( کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە)) شێخ محمدی خاڵ،295

لایەنی رامیاری و دیبلۆماسی:

بۆ پاراستن و برەودان بە بەرژەوەندی تایبەتی و گشتی، مرۆڤی ژیر و دانا پەنا دەباتە بەر گیانی رامیاری و دیبلۆماسی. زمانی رامیاری و دیبلۆماسی، زمانی ئاشتی و یەکترقبوڵکردنە، کلیلی کردنەوەی گرێ کوێرەکانە، بۆ ئەم مەبەستە دەوترێت: ( بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەرێ) شێخ محمدی خاڵ:123

واتە هەر چەندە کەسی بەرامبەر ترسناك وسەرسەخت و دەماگیربێت، ئەوا بەزمانی رامیاری خۆی ئەدات بەدەستەوە و دێتە سەر ڕێگای مەبەست. ئەم پەندە جەختکردنە لە سەر نەکردنی کاری بە زۆر و زۆرە ملێ، کاریگەری کلتوری ئیسلامی لە سەرە، خوای گەورە دەفەرمویت(( لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ))، بورهان محمدامین، 42. واتە (بەهیچ جۆرێك زۆرکردننیە لەوەرگرتنی بیرو باوەری ئاینی ئیسلامدا)( بورهان محمدامین، 42) کەسی دیبلۆماسی و رامیاری، لە پێناوی بەدەستهێنانی کارەکانی بەرنامەی دیاریکراوی خۆی هەیە، جۆری دەربین و پێشکەشکردنی بەرنامەکەی، بە گوفتارێکی رێك و پر بەها دەخاتەڕوو، بۆیە دەڵێن: (قسە هەتا نەکوڵێ دەرنایەت) شێخ محمدی خاڵ،398

( قسە بی گێژە و بی بێژە و بی وێژە ) شێخ محمدی خاڵ،398

بەڵام کاتێك دەسەڵات و هێز و کات لە بەرژەوەندیدا نەبوو، ئەوا کورد دەڵێت:

( دەستێك نەتوانم بیبرم،ماچی دەکەم)   شێخ محمدی خاڵ،39

واتای ئەم پەندە پێدانی گیانی خۆڕاگرییە و چاوەڕوانی کاتێکی ترە، تا هەلێک هەلدەکەوێت، نەک دۆڕان و خۆ بەدەستەوەدانی یەکجارییێت.

کەواتە بەڕوانین لە بەشی تیۆری و ڕاساندنی کارەکیانەی ئەم لێکۆڵینەوەیدا، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە زمانەوانی کۆمەڵایەتی، کە کەرەستە و داتای وەرگیراوی لە چەقی کۆمەڵەوە بەرجەستەدەکات، بەتایبەتی لە شێوە ئاخاوتنی ئاخێوەرانی کۆمەڵێکی دیاریکراو، پەندی کوردیش باشترین دەستکەوتی کۆمەڵی ئاخێوەرە. زمانی کوردی لە ڕابردوو و ئێستایشدا، لە بابەتی فۆلکلۆری کوردیدا پەند بۆ لایەنە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و ژیرییەکانی داب و نەریت و ئاین...تاد بەکاردەهێنێت. لەم دیدەوە توانی فەلسەفەی ئاین، بەتایبەتی ئاینی ئیسلام بووە بە ئاوێتەی کلتور و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردەواری، بۆیە پەندەکانی کتێبی(پەندی پێشینان)ی شێخ محمدی خاڵ، لە کایەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کورد، پێگەیەکی پڕ بەهایان لە کلتور و ڕۆشنبیری کوردی و کلتوری فەلسەفەی ئاینی ئیسلام تێدا بەرجەستەبێت و لە زمانی زارەکی ئاخێوەرەوە وەرگیراون ودەبنە میراتی زمانیی بۆ نەوەکانی داهاتوو.

ئەنجامەکان:

1- لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە ، بەشێك لە پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ لە کتێبی (پەندی پێشینان)دا، کە بە ڕێژەی (62%) توانی فەلسەفەی ئاینی ئیسلامی لە کلتور و فەرهەنگی پەندەکاندا بەدیدەکرێت.
2- لە پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ لە کتێبی (پەندی پێشینان)دا، لە ڕوانگەی زمانەوانی کارەکییەوە و لە لە ئاستی واتادا، زمانی دەربرینیان شێوەی ئاخاوتنی کۆمەڵی کوردی بە توانی زمان پاراوایی کوردی و ئاینییەوە بەرجەستەدەبن.
3- پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ، بە بیر و ئاوەزیی و فەرهەنگی زمانیی ئەوتۆوە داڕێژراون، لە مەبەست و واتادا دەوڵەمەندن.
4- پەندی کوردی بووە، بە هۆکارێك، تاوەکو توانی فەلسەفەی ئاینی ئیسلامی ، کە هەڵگری کلتور و ڕۆشنبیری زمانی عەرەبی و هاوچەرخەکانێتی، بە شێوازێکی کورت و پوخت بە ڕوانینێکی زمانیی کوردی بە تاك و کۆمەڵی کورد بگەیەنێت.
5- لەم لێکۆلینەوەیەدا ئەوە بدیدەکرێت، هەندێك لە پەندەکانی کتێبی (پەندی پێشینان)ی شێخ محمدی خاڵ، بۆ زیاتر لە ڕەهەند و مەبەستێکی دیاریکراو بەکاردێن.

سەرچاوەکان:

سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:


- ابراهيم احمد حسين،شيعرى ئاينى و سۆفيگەرى لە شيعرە كوردييەكانى مەحويدا، نامەى دكتورا،زانكۆى سەلاحەددين،1996.

- بورهان محمدامين، تەفسيرى ئاسان،چاپى حەوتەم.

- پەروين عوسمان مستەفا عەلاف، واتا و وەرگێران، چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولێر)2009،

- جەمال بابان، دەفتەرى كوردەوارى، قسە هێزارە دووانى بەكارە، لێكۆڵینەوەيەكى پەندى پێشینان، بەرگى يەكەم، بەغدا،1970 .

- حەميد گەردى، سامان و پەندى گەردى، چاپى دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،2006.

- خورشيد خدر، پەندی کوردی لەخزمەت تەندروستیدا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر،وەزارەتی ڕۆشنبیری حومەتی هەرێمی كوردستان.

- رسول ابراهيم،پەندى پێشینان و قسەى نەستەقى كوردى (ناوەرۆكى فيكرى ئەدەبى)چاپكراوەكانى ئەميندارييەتى ڕۆشنبيرى و لاوانى ناوچەی كوردستان ،هەولێر،1984 .

- سەلام ناو خۆش، ئاين و زمانناسى، چاپى يەكەم، هەولێر،2007.

- سروە خدر حمد، سێبەرى واتايى لە زمانى شيعردا، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین،2014 .

- سماعيل حقى شاوەيس، قسەی پێشینان گۆستا و لۆبۆن،چاپی يەكەم،چاپخانەی ئیتام، بەغدا،1933.

- شوكريە رسوڵ ئيبراهيم، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی كوردی، بەغدا،1984.

- شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، چاپی دووەم،چاپخانەی كامەران، سلێمانی، 1971.

- شێخ محمدی خال، پەندی پێشینان، چاپی دووەم،چاپخانەی كامەران، سلێمانی، 1979،.

- شيلان عوسمان عەبدولرەحمان، كارابوونی زمان لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا، چاپی یەكەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر،2009.

- عادل گەرمیانی ،ڕەنگدانەوەی دیاردەی چینایەتی لە پەندی كوردیدا،گۆڤاری ڕامان، ژ164 ،2011.

- عبدالباقى اكرم احمد، واتا ومەبەست لە پەندی پێشینانی كوردییدا، ماستەر، زاكۆی صەڵاحەددین،2012،.

- عەئەلائەددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی كوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعاریف ،بەغدا،1971.

- عومەر شێخەڵلا دەشتەكی، پەندی كوردی ،چاپی یەكەم، چاپخانەی پاك،هەولێر ،2002،.

- عیزەدین مستەفا رەسول، لێكۆڵینەوەیەكی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، چاپی دووەم، زانكۆی سلێمانی ،1979.

- كاروان عوسمان علی، پەندی پێشینان، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕینما.

- نەجم خالد ئەڵوەنی، پەند و قسەی نەستەقی کوردی شاری خانەقین، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر ،2008.

-هەردەوێل کاکەیی، پەند و قسەی نەستەقی ماچۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کشتوکاڵ، هەولێر،2006.

- هۆشیار نوری لەک، هەگبەی دێرین، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی قادری کۆیی، 2010.

- ئازاد هەمەوەندی، پەندی ئینگلیزی و کوردی.یەکەم، چاپی چاپخانەی کاردۆ ،2013

- ئەحمەدی خانی،مەم و زین، لەچاپدانی تحسین ابراهیم دۆسکی2008.

- ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، کاریگەری کەلەپووری کوردی لە شانۆی کوردیدا، ماستەر،زا انکۆی صەڵاحەددین،2001.

سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

- أبوالقاسم محمود بن عمر الزمخشري ،المستقصي في أمثال العرب،ج2،دارالكتب العلمية،بيروت،1987

- ابن قيم الجوزية،المثال القران،مطبعة الزمان،بغداد.

- أبو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري،صحيح مسلم: ج7، دار الجيل+ دار الآفاق الجديدة – بيروت

- أبو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري،صحيح مسلم: ج8، دار الجيل+ دار الآفاق الجديدة – بيروت.

- أبي بكر محمد بن عبدالله، أحكام القرآن،ج1، تحقيق: محمد علي البيجاوي.

- ابن ماجة القزويتي، تحقيق: شعيب الأرنؤوط ، عادل مرشد ، محمد كامل ،عبد اللطيف حرز الله، ج1، دار الرسالة العالمية، 2009.

- الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري،صحيح مسلم: ج8، دار الجيل+ دار الآفاق الجديدة – بيروت.

- العامري، أحمد بن عبدالكريم الغزي، الجد الحثثيث في بيان ما ليس بحديث، تحقيق: فواز أحمد زمرلي، دار ابن حزم.

- حمد جاسر عبداللة العبداللة،مجمع الأمثال للميداني،دراسة لغوية دلالية، ريسالة الماجستير،جامعة الشرق الأوسط،2011.

- رواة البخاري ومسلم،صحيح مسلم،أبو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري،ج1 ،دار الجيل بيروت+دارالافاق الجديدة،بيروت

- رياض الصالحين: أبو زكريا محيي الدين بن شرف النووي ط:1 ، 2007 دار ابن كثير دمشق- بيروت ص 1/ 91.

- سامي عطا حسن،امثال في القرأن الكريم خصائصها التربية و سيماتها البيانية،مجلة الدراسات،علوم الشريعة والقانون، ،عدد1، 2011.

- شيخ مناع القطان،مباحث في علوم القران،ريسالة اماجستير،بيروت. لموسعة العالمي

- عبداللة بن عبدالكريم بن احمد السالم،الأمثال مدخل لفهم الثقافة التنظيمية،جامعة الملك عبدالعزيز-جدة،.

- محمد بن أحمد السرخسي ، المبسوط: ج5، دار المعرفة – بيروت ،1993 .

- محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي: صحيح البخاري: تحقيق: د. مصطفى ديب البغا ج4، دار ابن كثير 1987

- محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي: صحيح البخاري: تحقيق: د. مصطفى ديب البغا ج1، دار ابن كثير

- محمد بن حبان البستي ابو حاتم: روضة العقلاء ونزهة الفضلاء، دارالكتب العلمية – بيروت، تحقيق: محمد محى الدين عبدالحميد،1977.

- محمد بن عيسى أبو عيسى الترمذي السلمي، سنن الترمذي، تحقيق أحمد محمد شاكر واخرون ج4 دار إحياء التراث العربي – بيروت.

- محمد بن عيسى أبو عيسى الترمذي السلمي، سنن الترمذي، تحقيق أحمد محمد شاكر واخرون ج3 دار إحياء التراث العربي – بيروت.

الألباني – محمد نصر الدين :السلسلة الضعيفة:ج 1 مكتبة المعارف- رياض.

حمد بن حبان بن أحمد التميمي،تحقيق شعيب الارنؤوت، مؤسسة الريسالة،بيروت،ط1،ج10، 1988.

سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:

ادواد براون،تاريخ ادبي ايران،ضاث دوم،ج1،تهران،1335ه.ش

بهمن دهقان. فرهنگ جامع ضرب المثل هاي فارسي. فرهنگستان زبان وادب فارسي، گروة نشر اثار: تهران

-محمد رضا باطنى،مسائل زبان شناسي نوين(دەمقالة)چاپ4،موئسسة انتشارات،أگاه.

سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی:

-Agrawal, Dr K. P. (2023-02-12). Tresure Of Book: On Poetries, Ghazals, Proverbs, Riddles, Idioms, Jokes and Quotes. Shashwat

-Ganeo.B(2022), Religious Composition by Country, 2010-2050". Pew Research Center's Religion & Public Life Project. 21 December 2022. Archived from the original on 28 January 2023. Retrieved 9 March 2

-Lina.M(2020),English pronunciation of Islam". Cambridge Dictionary. Archived from the original on 22 January 2021. Retrieved 19 December 2023.

-Neco(2023)" Pew-Templeton Global Religious Futures Project - Research and data from Pew Research Center". 21 December 2022. Archived from the original on 5 February 2023. Retrieved 27 November 2023

-Peterka, S.O. et al. (2015) Challenges of evaluation of the influence of entrepreneurship education. Economic Review – Journal of Economics and Business.

- Van der Vyer, J.D. (1996). Religious human rights in global perspective: religious perspectives. Martinus Nijhoff Publishers. ISBN 90-411-0176-4.

-Wolfgang Mieder. 1993. "The wit of one, and the wisdom of many: General thoughts on the nature of the proverb. Proverbs are never out of season: Popular wisdom in the modern age 3–40. Oxford University Press

-Yazbeck Haddad, Yvonne (2014). The Oxford Handbook of American Islam. Oxford University Press. p. 142. ISBN 9780199862634.